2020

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بڵاوکراوەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەتە بە چالاکیەکانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ز

## را پۆرتی گشتی ساڵانەی کارو چالاکیەکانی

# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

٢٠٢٠/١/١ -- ٢٠٢٠/١٢/٣١



**یەکێتی زانایان** بە ئاراستەی هەرسێ ڕەهەندی ئایینیو نەتەوەییو پیشەیی هەوڵی داوە خزمەت بکات، ئەگەرچی دۆخی داراییو بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەرفەتی کارو هەنگاوی نەهێشت، بەڵام لەرووی هۆشیاری ئایینی و پەیوەندیو هەماهەنگیو بەشداری مێتینگو پیشوازی شاندو سەردانو چالاکی رۆشنبیریو راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بابەتو توێژینەوەو کتێبو دەرکردنی فەتواو پۆستەری هۆشیاریو مامەڵەکردن لەگەڵ دەرهاوێشتەکانی کۆرۆناو رەوشتی مزگەوتو وتاری هەینیو نوێژی بەکۆمەڵو هاندان بۆ پرۆسەی هاوکاریو کۆکردنەوەی کۆمەکی بۆ خەڵکی هەژار لەلایەکو، هەوڵو خەمخۆری بۆ کوردستانو پاراستنی سەقامگیری کۆمەڵگەو ئاشتی کۆمەڵایەتیو پرسی پێکەوەژیانو بڵاوکردنەوەی بیری میانرەویو نەهێشتنی هزری توندڕەوییو تیرۆرو راگرتنی هاوسەنگیو کارکردن بۆ هۆشیاری تاکو بنەبڕکردنی دیاردە خراپو تاوانە ناشەرعیەکانو پارێزگاری خاکو نیشتمان لەلایەکی تر هەوڵی خۆی داوەو بەپێی ئەو هەلومەرجە درێغی نەکردووە.



## سەروتار

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

ساڵی ٢٠٢٠ بەهۆی پەتای کۆرۆنا گۆڕانێکی هەمەلایەنە بەسەر تەواوی جیهان داهات، بەو هۆیەوە کەرەنتین و وەستانی سەرجەم جموجۆڵەکان وای کرد مرۆڤ تووشی چاوەڕوانیەکی نادیارو ژیانیش لە زۆر رووەوە تووشی پاشەکشە بێت!

قەیرانی ئابووری و ململانێی سیاسی و ئاریشە یەك لەدوای یەکەکان، لە هەرێمی کوردستان دۆخێکی نەخوازراوی بۆ هەموو لایەك دروست کرد، لەگەڵ ئەوەش سەرجەم کارو چالاکی و بۆنەو کۆبوونەوەو هەنگاوەکان وەستان.

زانایانی ئایینی یەکێك بوون لەو لایەنانەی بەو پەڕی پەرۆشییەوە لەئەرك و خزمەت درێغیان نەکردو لەرووی مەیدانی و مەعنەوی و پاڵپشتی هەنگاوەکان و هێور کردنەوەی دەروونی هاوڵاتیان لەو دۆخە سەختە رۆڵیان دیارو کاریگەر بوو.

ئەوەی مەبەستە لێرەدا زیاتر تەرکیز خستنە سەر چەند لایەنێکی گرنگو پەیوەست بە قۆناغەکە، وەك بەرچاوخستن و ئەزموون وەرگرتن، هاندەرێك بێت بۆ ئایندەی کارو ئامانجەکان.

وێڕای ئەم دۆخە سەختەی ئەمساڵ، یەکێتی زانایان هەوڵ و هەنگاوی خۆی هەبووە، کە لەو پەڕەگرافە پوختەی بەشێکیان دەخەینە بەر دیدی ئێوەی ئازیز.

**راگەیاندنی یەکێتی زانایان**

# بەشێك لە پەیوەندیو هەماهەنگیو بەشداری کۆنگرەو کۆنفرانسو چالاکی هەمەلایەنە















- ڕۆژی ٧ی١ی٢٠٢٠ بەڕێز د. عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان بە نوێنەرایەتی کوردستان بۆ یەکەمین جار بەشداری لە کۆنگرەی چل و چوارەمینی ئەنجومەنی باڵای رابیتەی جیهانی ئیسلامی لەشاری مەککەی وڵاتی سعودیە کردو هەر لەو کۆنگرەیە وتارێکی پێشکەش کرد.
- ڕۆژی ١٥ی١ی٢٠٢٠ راگری کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکانی زانکۆی بینگۆل بەڕێز د. مستەفا کرکز سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی کردو پرسی خوێندنی ئایینیو هەماهەنگی نێوان هەردوولا جەختی لێ کرایەوە..
- ڕۆژی ٢٧ی١ی٢٠٢٠ سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەژداری کرد لە کۆنگرەی نوێسازی هزری ئیسلامی کە لە لایەن مەشیخەی ئەزهەری وڵاتی میسرو بە ئامادەبوونی بەڕێز ئەندازیار مستەفا مەدبولی سەرۆکوەزیرانی میسرو بەڕێز د. ئەحمەد تەییب شێخی ئەزهەرو گەورە بەرپرسانی ئیداریو چەندین ئەکادیمیو بیریارو پسپۆڕی بوارە تایبەتەکان و بە بەژداری ٤٦ وڵاتی جیهانی ئیسلامی لە وڵاتی میسر بەڕێوە چوو.
- ڕۆژی ٣ی٢ی٢٠٢٠ بە سەرپرشتی بەڕێز د. عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانو مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆكو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیو سەرکردایەتیو بەرپرسی لقەکان کۆبوونەوەی ئاسایی یەکێتی زانایان لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بەڕێوە چوو.
- ڕۆژی ١٩ی٢ی٢٠٢٠ بەڕێز ئارام قادر سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانیو شاندێکی یاوەری سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانیان کردو، لەلایەن سەرۆكو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازی کران.
- ڕۆژی ١٤ی٤ی٢٠٢٠ بەڕێز د.عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستە بەڕێز (د. زولکیفل محمد ئەلبەکری) وەزیری نوێی کاروباری ئیسلامی وڵاتی مالیزیا کرد.
- لە بەرواری ١٤ی٥ی٢٠٢٠ بەڕێز د. عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانو بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان بەشداری کۆبوونەوەی فراوانی تایبەت بە کۆرۆنا کرد، کۆبوونەوەکە بە سەرپەرشتی وەزیری ناوخۆی هەرێمی

کوردستان‌و بەشداریکردنی وەزیری تەندروستی‌و وەزیری ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی‌و پارێزگارانی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێم‌و یەکێتی زانایان‌و بەمەبەستی تاوتوێکردنی دۆخی هەرێم و کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەنجام درا.

– ڕۆژی ٢٠ی٥ی٢٠٢٠ بەڕێز د. عبدالله مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەڕێی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە بەشداری کۆنفرانسی بیستەمی نێودەوڵەتی سەنتەری ئیمامی شافعی شانشینی ئوردن کرد، کۆنفرانسەکە بەناونیشانی (کۆرۆناو کاریگەریەکانی بەسەر کۆمەڵگەوە) ساز کرابوو، کە تێیدا سەرۆکی زانایان توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی: کۆرۆناو چەند ئەحکامێکی تایبەت و جیازار پێشکەش کرد.









– ڕۆژی ٨ی٧ی٢٠٢٠ بەڕێز دکتۆر عرفان ڕەشید ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان لەڕێی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە بەشداری کرد لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی سەنتەری ئیمامی شافیعی ئوردەنی بەناونیشانی (المقاصد الشرعية والإنسانية ومقومات البناء المعرفي للأمة)، تێیدا توێژینەوەی تایبەتی لەسەر ئەو بابەتە پێشکەش کرد.

– لە ١٣ی٨ی٢٠٢٠ لەهەمبەر بەژداری کردنی بەڕێز د. عبدالله مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە کۆنگرەی (فقه الطوارئ) ئەنجومەنی فەتوای شەرعی ئیماراتی سوپاسنامەیەك ئاراستەی بەڕێزیان دەکات.

– ڕۆژی ٢٤ی٨ی٢٠٢٠ بەڕێز د. عبدالله مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان‌و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆك لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی پێشوازیان لەشاندێکی لیژنەی ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی لەپەرلەمانی کوردستان، کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان مامۆستا مەلا ئیحسان ڕێکانی‌و مامۆستا وەیسی مەلا سەعید کرد.

– ڕۆژی ٢٥ی٨ی٢٠٢٠ بەڕێز د. عبدالله مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان‌و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆك لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی پێشوازیان لە بەڕێز حاکم ڕەمەك ڕەمەزان قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ کرد.

– ڕۆژێ ٣١ی٨ی٢٠٢٠ بە بەشداری کورد وۆرکشۆپێکی نێودەوڵەتی بە بەشداری (٢٢) دەوڵەت بەناونێشانی (تیرۆرستان و بەسەربازکردنی منداڵان – پاڵنەر، هۆکار، بەرەنگاربوونەوە) بەڕێوە چوو، لەو وۆرکشۆپە بەڕێز د.جەعفەر گوانی ئەندامی پێشووی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان لە کوردستانەوە بە وتارێك بە ناونیشانی (بەسەربازکردنی منداڵان‌و شوێنەوارە نەرێنییەکانی بۆ ئیسلام) بەشداری کردو دیدو هەڵوێستی ئیسلام‌و ڕوانگەی کوردستانی لەو بارەوە خستە ڕوو.







- رۆژی ١ی٩ی٢٠٢٠ بەڕێز د. عبدالله مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی لەبارەگای سەرەکی یەکێتی زانایان لە شاری هەولێر پێشوازیان لە بەڕێز مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی و شاندێکی یاوەری کرد.



- رۆژی ٨ی٩ی٢٠٢٠ بەڕێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە یاوەری بەڕێز د. دیار جەباری بەڕێوەبەری گشتی سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانیان کردو لە لایەن ڕێزدار د. عبدالله مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانو مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆك و ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیو سەرکردایەتی بە گەرمیەوە پێشوازی کرا.



- لە بەرواری ١٦ی٩ی٢٠٢٠ بەڕێز د. عبدالله مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان لەگەڵ بەرپرسی سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان کرد.
- رۆژی ٢٠٢٠/٩/٢١ بەبۆنەی ٥٠یەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانیەوە، بەڕێز فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستانی کردو بەگەرمیەوە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان و ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی، پێشوازی لێکرا.
- لە ٢٣ی٩ی٢٠٢٠ شاندێکی ئەنجومەنی روحانی ئێزیدی بە سەرۆکایەتی میر عصمت میر تحسین بەگ بەیاوەری قەشە روخایلو شاندێك سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانیان کردو بە گەرمیەوە پێشوازی کران.



- رۆژی ٦ی١٠ی٢٠٢٠ بەرێز ئولیفیە دیکۆتینی قونسوڵی گشتی فەرەنسا سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی کردو بە گەرمیەوە لە لایەن بەرێز د. عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانو مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکو ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی لیٚ کرا.
- رۆژی ٧ی١٠ی٢٠٢٠ شاندێکی پەرلەمانی عیراق کە پێکهاتبوو لە بەرێزان د. بەشیر خلیل حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و د. محمد شاکر ئەندامی پەرلەمانی عیراق سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانیان کردو بەگەرمیەوە لەلایەن سەرۆکو جێگرو بەشێك لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی کران.
- لە ١٢ی١٠ی٢٠٢٠ بەرێز د. عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆك لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازیان لە بەڕێز لیوا تاریق بەرێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێم و شاندێکی یاوەری کرد.
- رۆژی١٢ی١٠ی٢٠٢٠ بەڕێز ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی کردو لە لایەن سەرۆكو جێگرو بەشێك لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازی کرا.
- رۆژی ١٣ی١٠ی٢٠٢٠ بە ئامادەبوونی بەرێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینیو بەرێز د. عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیو پارێزگاری هەولێر د. فەرسەت سۆفی، ژمارەیەك مامۆستایانی ئایینی لە رێورەسمێکدا وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی نەخشەسازیی نوێی دروستکردنی مزگەوتی لە هەرێمی کوردستان راگەیاندو بۆ ئەم مەبەستەش چەند دیزاینێك پێشکەش کرابوو و دواتر لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە بابەتێکی نەخشەسازیی نویٚ هەڵبژێردرا.
- لە ٢١ی١٠ی٢٠٢٠ بەرێز د. عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان و بە یاوەری هەر یەك لە بەرێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆكو د. عومەر حسن مرۆ و مامۆستا حسن قادیانی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا ئازاد خورشید بەرپرسی لقی کەرکوکی یەکێتی زانایان پێشوازی لە شێخ میپم عکاشی نوێنەری مەرجەعی گەورەی ئایەتوڵا سید صادق حسینی شیرزای و شاندێکی یاوەری کرد.
- رۆژی ٤ی١١ی٢٠٢٠ بەرێز د. عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆك سەردانی دەزگای گشتی کاروباری مینیان کردو بە گەرمیەوە لەلایەن سەرۆكو دەستەی کارگێری دەزگای ناوبراو پێشوازی کران.
- لە بەرواری ٥ی١١ی٢٠٢٠ بەرێز د.عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆك و مامۆستا مەلا دلشاد گەڵالی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی بە مەبەستی پیرۆزبایی دەستبەکار بوون سەردانی دەستەی چاککردن و پاراستنی ژینگەی هەرێمیان کرد.










- ڕۆژی ٥ی١١ی٢٠٢٠ زانای ناوداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری ئورمیەی مامۆستا مەلا عبدالقادر بەیزاوی کۆچی دوایی کرد، بەو بۆنەوە سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پرسەنامەیەك ئاراستەی خانەوادەکەی کرد.
- ڕۆژی ٧ی١١ی٢٠٢٠ بەڕێز د.عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی لە شاری هەولێر بەشداری کرد لە کۆنفرانسە بەناونیشانی (ڕۆڵی زانایانی کورد لە ڕوونکردنەوەی پەیام و مافەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کە لەژێر چاودێری دیوانی وەقفی سوونی عیراقیو بەسەرپەرشتی ئەنجومەنی باڵای ئەوقافی موسڵ لەلایەن ناوەندی هۆشیاری بۆ ڕاوێژو پەرەپێدانی تواناکان، بە بۆنەی مانگی مەولودەوە ساز کرا بوو.





- ڕۆژی ١٩ی١١ی٢٠٢٠ شاندێکی یەکێتی زانایان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان د.عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆك و مامۆستا شێخ نیاز دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان بەشداریان لە مەراسیمی هێنانەوەو بەرێکردنی تەرمی پارێزگاری کۆچکردووی شاری هەولێر خوالێخۆشبوو دکتۆر فەرسەت سۆفی کرد.
- ڕۆژی ٦ی١٢ی٢٠٢٠ شادێکی یەکێتی زانایان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان د. عبداللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانو مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆكو مامۆستا مەلا عزیز خەزنەیی ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا بەشداری مەراسیمی بەخشینی بروانامەی زانستی لە مزگەوتی شێخ حمدامین خەیلانی لە شاری هەولێر کرد.





- ڕۆژی ٨ی١٢ی٢٠٢٠ بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئایسلامی کوردستان بەشداری کرد لە کۆنفرانسی پاراستنی شکۆی خێزان، کە لە لایەن کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکانی زانکۆی سەلاحەددین ڕێکخرا بوو.




- ڕۆژی ١٥ی١٢ی٢٠٢٠ بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانو مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆكو بە ئامادەبوونی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازیان لەبەڕێز زێندین مەولود بریکاری ئەوقافو کاروباری ئایینی کرد.
- ڕۆژی ٢١ی١٢ی٢٠٢٠ سەرۆکی یەکێتی زانایان لەڕێی بەرنامەی زوومەوە بەشداری دیداری زانایانی عیراقو جیهانی ئیسلامی کرد سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دابەشکردنی موڵکەکانی ئەوقاف بەسەر هەردوو دیوانی سوننەو شیعە.












MOSQUE
DESIGN







# لەرووی دەرکردنی فەتواو ڕێکارو ڕوونکردنەوەی شەرعی



ئەگەرچی ڕەوشی کۆرۆنا کاریگەری زۆری لەسەر زۆربەی کارو هەنگاوەکان دانا، بەڵام بە حوکمی هاتنە پێشەوەی هەندێ پرسو پێشهات ئەنجومەنی باڵای فەتوا بەردەوام لە هەوڵی خزمەتو ڕوونکردنەوەی بابەتەکانو هەڵوێستی شەریعەتی لەهەمبەر پرسە گەرمو پەیوەستەکان ڕاگەیاندووە، لەم ساڵەدا چەندین فەتوای تایبەت لەسەر پرسە هەستیارەکان دەرکراوەو ڕوانگەی شەریعەتو زانایان بۆ ڕای گشتیو موسڵمانان بەیان کراوە، چونکە یەکێ لە کارە لەپێشەکانی یەکێتی زانایان، بایەخدان بووە بە پرسی فەتواو خزمەتکردنی هاوڵاتیان چ لەسەر ئاستی باڵا بێت یان لەڕێی لیژنەکانی فەتوا لەسنووری سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان، لێرەدا بەشێکی گرنگی چالاکیەکانی پەیوەست بەو بوارەو ناونیشانی گرنگترین ئەو فەتوایانە دەخەینە ڕوو، کە ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان دەری کردوون:

| ژ | ناونیشانی فەتوا بڵاوکراوەکان | بەرواری بڵاوبوونەوە |
|---|---|---|
| ١ | دانانی مناڵی بلوری لەڕەحمی هەوێدا | ٢٠٢٠/١/٧ |
| ٢ | حوکمی بەکرێگرتنی کەسێك لەلایەن فەرمانبەر بۆ ئەوەی لەجیاتی ئەو دەوام بکات بەرامبەر مەبلەغێك پارە | ٢٠٢٠/١/٧ |
| ٣ | حوکمی فیقهی بەدەل حەج بۆ کەسی پەککەوتە یان مردوو بە تایبەت پاش دەرچوونی ناوی لە تیرو پشك | ٢٠٢٠/١/٧ |
| ٤ | حوکمی بەشداریکردن لە کۆمپانیای (یونیك فاینس) | ٢٠٢٠/١/٧ |
| ٥ | ئەنجومەنی باڵای فەتوا حوکمی مامەڵەی (فۆرێئیکس) ڕوون دەکاتەوە | ٢٠٢٠/١/٧ |
| ٦ | حوکمی کۆکردنەوەی نوێژەکان بەهۆی بارانەوە | ٢٠٢٠/١/٢٨ |
| ٧ | حوکمی پێش خستنی زەکات | ٢٠٢٠/٣/١٩ |
| ٨ | فەتوای تایبەت بە مەرجەکانی بەڕۆژوو نەبوون بە هۆی کۆرۆناوە | ٢٠٢٠/٤/٢٣ |
| ٩ | فەتوای دیاریکردنی نیسابی زەکات | ٢٠٢٠/٤/٢٤ |
| ١٠ | فەتوای دیاریکردنی ڕێژەی سەرفیترەو فیدیە ٢٠٢٠ | ٢٠٢٠/٤/٢٥ |
| ١١ | ئەنجومەنی باڵای فەتوا سەبارەت بە لێك دووری نوێژخوێنانو خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا ڕوونکردنەوەیەك بڵاو دەکاتەوە | ٢٠٢٠/٦/١٦ |
| ١٢ | حوکمی بەخشینی پلازمای خوێن | ٢٠٢٠/٦/٢١ |
| ١٣ | حوکمی مامەڵە کردن بە دراوە ئەلیکترۆنیەکانی وەك ( بت کۆین، پای کۆین) | ٢٠٢٠/٦/٢٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤ | حوكمی گۆڕینەوەو مامەڵە كردن بە دراوەكان لە ڕێگەی تەلەفوون یان ئینتەرنێتەوە | ٢٠٢٠/٦/٢٣ |
| ١٥ | حوكمی موچەوەرگرتن بە بێ دوام كردن (بن دیوار) هەروەها وەرگرتنی دوو موچە لە حكومەت | ٢٠٢٠/٦/٢٨ |
| ١٦ | حوكمی سووتاندنی گیانداران بە زیندوویی | ٢٠٢٠/٧/٢ |
| ١٧ | لە خشتەبردنی نەخۆش لە لایەن هەندێك پزیشك و نۆرینگەو نەخۆشخانەی تایبەت و تاقیگەو دەرمانخانەكانەوە | ٢٠٢٠/٨/١٩ |
| ١٨ | حوكمی كڕینی كاڵاو زێڕ بە نرخێكی زۆر بە قەرز و فرۆشتنەوەی بە نرخێكی كەمتر بە حازر وچەند شێوازێكی دیكەی ئەم جۆرە بازرگانیانە | ٢٠٢٠/٩/١ |
| ١٩ | زەكاتی ماڵی بازرگانی | ٢٠٢٠/٩/١٦ |
| ٢٠ | ڕوونكردنەوەیەك سەبارەت بە دابەشكردنی موڵك و خانوبەرەی وەقفكراو لە نێوان هەردوو دیوانی وەقفی سوننی و شیعیدا | ٢٠٢٠/١١/٢٤ |
| ٢١ | بەیاننامەیەك لەمەڕ دابەزینی نرخی دراوی عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریكی | ٢٠٢٠/١٢/٢٢ |



یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان
مەكتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحيم

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە / ١٥ بەروار / ٧ / ١ / ٢٠٢٠

(حوكمی بەشداریكردن لە كۆمپانیای (یونیك فاینس)

قال الله تعالى: {فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون} (سورة النحل: ٤٣).

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا رسول الله محمد الأمين وعلى آله وصحبه والتابعين لهم بإحسان إلى يوم الدين أما بعد:

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی كوردستان، لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا، لە ڕۆژی سێشەممە ٢٧ ڕەبیعی دووەم ١٤٤١هـ بەرامبەر ٢٠١٩/١٢/٢٤ پاش ئەوەی، كە لەلایەن هەندێك لە هاوڵاتیانەوە پرسیاركرابوو، دەربارەی حوكمی ئەو مامەڵانەی كە لە ڕێگەی كۆمپانیای (یونیك فاینس) وە دەكرێت؛ ئەنجومەن بە تێكڕای دەنگ بڕیاریدا:

١- مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو كۆمپانیایەو هاوشێوەكانی دروست نییە، چونكە بەشێكە لە مامەڵەكانی شێوازی هەرەمی و شەبەكی، كە لە پێشتریشدا لە دانیشتنی ئاسایی ئەنجومەندا، لە بەرواری: ٢٤/ شەعبانی/١٤٤٠ ٢٠١٩/٤/٣٠ ئەم شێوازی مامەڵەیە حەرامكراوە.

٢- ئەم مامەڵانە مەترسی زۆری تێدایە، لەوانە: مامەڵەكردن لەگەڵ كۆمپانیا جیهانییەكان، كە سەرمایەكانیان (استثمار) دەكەن لە بواری بازرگانی ناشەرعی و مامەڵەی ڕیبا و سوو خۆری.

٣- داواكارین لەهاوڵاتیان: خۆیان بەدووربگرن لەم مامەڵەیەو هاوشێوەكانیشی، چونكە لە ڕوانگەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامەوە؛ بردن و خواردنی ماڵ وموڵكی خەڵكە بە نا دروست، بۆیە دروست نییە، خوای گەورەش فەرموویەتی: (و لاتأكلوا أموالكم بينكم بالباطل) (سورة البقرة/١٨٨).

بۆ درێژەی ئەم فەتوایەو بەڵگەی پێویست بگەڕێنەوە بۆ سایتی فەرمی: www.zanayan.org

(والله تعالى أعلم)

خوای گەورە هاوكاری دڵسۆزانە ... وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

ئەنجومەنی باڵای فەتوا

٢٧ /٤/ ڕەبیعی دووەم/١٤٤١ - ٢٠١٩/١٢/٢٤ - ٣ بەفرانبار ٢٧١٩

ناونیشان: هەولێر (٦٠مەتری) بەرامبەر پەرلەمانی كوردستان www.zanayan.org







دەتوانن بۆ بینینی دەق و ناوەڕۆكی فەتواكان سەردانی ماڵپەڕی (www.zanayan.org) بەشی (فەتوا) بكەن.



## ** یەکێتی زانایان: سوکایەتی بە ئایین و موقەدەسات قابیلی قبولٚ نیە

ڕۆژی ٢٢ی٢ی٢٠٢٠ دوای ئەوەی لە شاری کەلارو لەلایەن گروپێکی شانۆیی لەیەکێ لە شەقامەکانی ئەو شارە لە کاتی نمایشی شانۆکە سوکایەتی بە ئایینو زانایانو مینبەرو مزگەوت کرا، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:




دوای بڵاوبوونەوەی ئەو گرتە ڤیدیۆییە لە شاری کەلارو لەلایەن گروپێکی نمایشکار بەشێوەی نمایشی هونەری و دیالۆکی شانۆیی، کە پڕ بوو لە سوکایەتی و بێڕێزی بەرامبەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام و زانایان و مینبەرو مزگەوت بڵاوکرایەوەو نیگەرانی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

ئێمە لە یەکێتی زانایانەوە بە توندی ئیدانە ئەو جۆرە سوکایەتیە دەکەین و بەهەموو لایەکی ڕادەگەیەنین، کە سوکایەتی بەرامبەر ئیسلامو موقەدەسات قابیلی قبول نیەو ئەو جۆرە کارو هەنگاوانە نەك هیچ خزمەتێك پێشکەش ناکەن، بگرە مەترسی زۆر بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاشتی کۆمەڵگەو پێکەوەژیان هەیە، جیا ئەوەش ئەمە کارێکی عەفەوی نەبووەو پێشوەختە بەرنامەڕێژی بۆ کراوەو لەکارنامەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریو هونەری گەرمیان بەناونیشانی (وەرن ببین بە سەگ) لەبڕگەی گفتوگۆی شانۆ نمایش کراوەکان ئاماژەی پێکراوە.

وێڕای نیگەرانیو ئیدانەکردنی ئەو کردنە نەشیاوانە، داواکارین لە دام و دەزگا مەعنی و ئایینی و ئیداریەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان بەتایبەت داواکاری گشتی ئەو شارە، بەزووی ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەر ئەو سوکایەتیە بگرنە بەرو بە هەموو شێوەیەك ڕێگری ئەو جۆرە کارانە بگرن، کە پێچەوانەی شەریعەت و یاساو بەهاو نەریتی ڕەسەن و هەستی دینداری خەڵکی کوردستانە.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

٢٣ی٢ی٢٠٢٠

## ** لەسەر پرسی (سوکایەتیو تەشهیر) یەکێتی زانایان نوسراوێکی دایە وەزارەتی ڕۆشنبیری.


Kurdistan Islamic
ژمارە: ١٢٧
www.zanayan.org

ڕۆژی ٢٤ی٢ی٢٠٢٠ بە نوسراوی فەرمی ژمارە (١٢٧) یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان نوسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کردووە، کە تایبەت بە پرسی ئەو تەشهیرو بێ ڕێزیو سوکایەتی کردن بەرامبەر بە ئیسلامو موقەدەساتو زانایانی ئایینی و پێگەی مینبەرو مزگەوت.

لەبەشێکی پەیامەکە هاتووە: داوامان وایە لە بەڕێزتان کە لێپێچینەوەی پێویست ئەنجام بدرێت بەرامبەر ئەنجامدەرانی ئەم کارە شانۆییەو ڕێگری تەواو بکرێ لەو جۆرە کارانە، کە پێچەوانەی شەریعەت و یاسایە، هەروەها لە کۆتایی نوسراوی یەکێتی زانایان ئاماژە بەوە کراوە کە: لە ئەنجام ئاگادارمان بکەنەوە.

**** یەکێتی زانایان لەهەمبەر سوکایەتیەکان هەڵوێست وەردەگرێت**

سەبارەت بە قسەی ئەو ئەندام پەرلەمانەی لەدانیشتنی رۆژی ٢٨/ ٧/ ٢٠٢٠ کە ئاماژەی بە حوکمڕانی سەردەمی خەلیفەی راشیدین کرد بۆ هەموو لایەك رایدەگەیێنین، کە پەرلەمان شوێنی ئەو جۆرە کارانە نیەو پشت بەستن بە کتێبێکی هاوچەرخی مێژوویی بۆ هەڵسەنگاندنی مێژووی زێرینی سەرەتای ئیسلام و هەڵوێستی خەلیفە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) شتێکی نازانستی و نالۆژیکیە، ئەمە وێڕای بریندارکردنی هەستی موسڵمانان لەهەمان کات بێڕێزییە بەرامبەر بە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا، هیچ جۆرە سوکایەتیەك بەرامبەر یاوەرانی رێزدار جێگای قەبوڵ کردن نیەو پێویستە بکەری ئەو جۆرە کارانە بەزوویی داوای لێبوردن بکات و ئومێدمان وایە کە سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێگری بکات لە دووبارە نەبوونەوەی ئەم حاڵەتانە.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

٢٨ی٧ی٢٠٢٠

**** یەکێتی زانایان لەبەرامبەر هەنگاوەکانی رێکخراوی (ماڵەکانی رۆشناو ئاشنا ) رێکاری پێویست دەگرێتە بەر**




دوای بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆیەك لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بەناونیشانی کارو چالاکیەکانی (ماڵی رۆشناو ئاشنا) لە کوردستان، کە شتگەلێك لەخۆ دەگرێت و پەردەش لەسەر زۆر شت لادەباو، مەترسی بۆ سەر نەریتی کۆمەڵگەی کوردیو هەستی دینداریو بەهای بەرزی کوردەواری لێ بەدی دەکرێت.

یەکێتی زانایان ماوەیەکە بەوردی بەدواداچوون بۆ ئەو دۆسیە دەکات و کاری پێویستی لەو بارەوە کردووە، بۆ ئەو مەبەستەش سکاڵاو رێکاری پێویستی گرتۆتە بەرو لایەنی پەیوەنداری لێ ئاگادار کردۆتەوە.

لە نوسراوی یەکێتی زانایان کە رۆژی ٣٠ی٩ی٢٠٢٠ ئاراستەی داواکاری گشتیو لایەنی پەیوەندار کراوە هاتووە: بەداخەوە لەبەشێکی ئەو سەنتەرو شوێنانەی بەناوی هۆشیاری و وەرزشی جەستەو لەشجوانی و رەشاقەو چالاکی دیکە، ئەجێندای ترو بەرنامەی بەلارێدا بردنو دروستکردنی گومانو کەمکردنەوەی بەهای ئەخلاقیو بێشەرمکردنی بەشداربووان جێبەجێ دەکرێت.

هەروەها هاتووە: لەراستیدا ئەو جۆرە هەوڵانە دەبنە مایەی ترازانی کۆمەڵایەتیو شڵەژانی ئاشتەواییو سەقامگیری کۆمەڵگەو هەڕەشەن بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی و خێزانی، لەهەمان کات پێچەوانەی نەریتی کوردەواری و بنەماکانی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامەو لەگەڵ دەستوری عیراق و یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستانیش یەك ناگرێتەوە. بۆ دڵنیایی و وەك ئەرکێکی ئایینی و پیشەیی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر کیان و کۆمەڵگە، یەکێتی زانایان بە وردی کار لەسەر ئەم دۆسیە دەکات، تا دەرەنجامی پێویست لەپێناو نەهێشتنی ئەو جۆرە کارو هەوڵە نەشیاو هەنگاوە تاریکانەو، پاراستنی بەهاو رەوشتی کۆمەڵگەی کوردی بەدەست دێنێت.

**** لەهەمبەر سوکایەتیو کاریکاتێرەکانی فەرەنسا**، کە کاردانەوەی زۆری لە جیهانی ئیسلامی بەدوای خۆیەوە هێنا، لە بەیاننامەیەکی تایبەت یەکێتی زانایان لەو بارەوە رایگەیاند: هەموو جۆرە سوکایەتیو کردارێکی بێ ڕێزی بەرامبەر سەرجەم پێغەمبەران(درودی خوایان لەسەر بێت) بەگشتیو پێغەمبەری خۆشەویستمان بە تایبەتی رەتدەکەینەوەو بەتوندی ئیدانەی دەکەین، پێمان وایە ئەو جۆرە هەنگاوانە پێچەوانەی بەها ئایینیو ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو یاسا نێودەوڵەتیەکانەو لەخزمەتی پرۆسەی ئاشتی جیهانیو سەقامگیری گەلانو پێکەوەژیان نیەو کاردانەوەی خراپو توندڕەوی جۆراوجۆر بەدوای خۆیدا دێنێت.

# هەڵوێستو هەنگاوەکانی یەکێتی زانایان
# سەبارەت بە دۆخی کۆرۆناو هۆشیاری خۆپاراستنو پابەندی ڕێنماییەکان



**یەکێتی زانایان** بە سەرجەم لقەکانیەوە هاوشان لەگەڵ لایەنی پەیوەندارو ئیدارەی سنورەکان لەسەر خەت بوون بەئامانجی هاوکارو هەماهەنگ بوون لە هەڵمەت و پلانی ئامادەسازی هۆشیاری و خۆپارێزی لەو مەترسیە، لەدەسپێکی هاتنی ئەم ڤایرۆسە وەك هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئایینی و ئینسانی و پیشەیی، هەوڵەکانیان چڕ کردەوە بۆ هاوکاروبوونی شێوازی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسەکەو بە پەرۆشەوە چاودێری دۆخەکەیان دەکردو هەموو جۆرە ئامادەییەکیان لەو پێناوە دەربڕی، کە دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە چەند لایەنێکی ئەو خزمەتانە بکەین:

یەکەم: بەر لەهاتنی ئەم ڤایرۆسە چەندین وتاریان لەسەر بابەتی پەتاو روانگەی ئیسلام بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان پیشکەشو تەرخان کرد.

دووەم: وەك دامەزراوەی ئایینی لەگەڵ لایەنی پەیوەندار لەسەر خەت بوونو هەوڵو ئامادەیی و هەڵوێستو هەنگاوی هەمەلایەنەی خۆیان خستە ڕوو.

سێیەم: بەشێکی مامۆستایان لەرێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە شرۆڤەو تێڕوانینی ئیسلامیان دەخستە ڕوو، کە ئیسلام چەندە بایەخی بە خۆپارێزی لەکاتی هەبوونی پەتا داوە.

چوارەم: لەرێی سۆشیال میدیاو وتارو لایڤەوە، بەردەوام پەیامی گرنگی هۆشیاری ئایینیان بڵاودەکردەوە.

پێنجەم: لەکاتی راگرتنی بڕیاری نوێژی هەینیی و بەکۆمەڵو داخستنی مزگەوتەکان، بەو پەڕی سینگفراوانیەوە لەپێناو بەرژەوەندیو تەندروستی هاوڵاتیان پابەند بوونو، سەلامەتیو گیانی خەڵکیان لەپێشتر دانا.

شەشەم: لەرێی نووسینو بابەتو روونکردنەوەی شەرعیو راگەیاندنەوە، چەندین پرسی پەیوەست بەم نەخۆشیەیەکان گەنگەشەو بڵاو دەکردەوە، کە چەند نمونەیەك لەو پەڕاوە دەخەینە روو..



## ** پەیامی یەکێتی زانایان دەربارەی خۆپاراستن لە نەخۆشی کۆرۆنا ڕاگەیاند



بسم الله الرحمن الرحيم

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان | اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

مەکتەبی تەنفیزی | المكتب التنفيذي

پەیامێك لە یەکێتی زانایان دەربارەی خۆپاراستن لە نەخۆشی کۆرۆنا

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ سورەتی ئەلمائیدە : ٢٣ .

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە نەخۆشی کۆرۆنا لە چەند وڵاتێکی دراوسێ و هەوڵەکان بۆ ڕێگرتن لەم نەخۆشییە، بەپێویستی دەزانین چەند بەرچاوڕوونییەکی شەرعی بدەینە بەر دیدی هاوڵاتیانمان بەمەستی خۆپاراستنی زیاتر لە هاتنی ئەم نەخۆشییە.

سەرەتا پێویستە هاوڵاتیانی کوردستان بە پشت بەستن بە خوداو ورەیەکی بەرزو بەهێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە بکەن، چونکە لەلایەکەوە بە بەراورد لەگەڵ نەخۆشییەکانی دیکە، هێندە ترسناك نییە، هەروەها سوپاس بۆ خودا تا ئێستا هیچ حاڵەتێك لە کوردستان تۆمارنەکراوە، بۆیە پێویست بە ترس و دڵەڕاوکێ ناکات، بەپێچەوانەوە ئەوانەی ترس و تۆقان لەسەر ئەم بابەتە بڵاودەکەنەوە بۆ قازانجێکی بازرگانی ماددی یان هەر شتێکی دیکە دەکەونە ژێر بەرپرسیارێتی بەرامبەر خوداو مرۆڤایەتی، بۆیە پێویستە ڕاگەیاندنەکان بە تیڤی و ڕادیۆو نووسین و هەموو ئەوانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شت بڵاودەکەنەوە، دوورکەونەوە لە شڵەژاندنی کۆمەڵگا.

لە هەمان کاتدا وەك هەوڵێکی خۆپارێزی پێشوەختە، داوا لە هاوڵاتیانمان دەکەین بە چاکی پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بن، چونکە باشترین ڕێگەچارە گرتنەبەری ڕێکارە تەندروستییەکانە. لە هەمان کاتدا پێویستە تا ئەو ماوەیەی ئەو بابەتە کۆتایی دێت، هەموو گردبوونەوەی پرسەو بووك گواستنەوەو تەواوی کۆبوونەوەکانی بۆنە کۆمەڵایەتی و هونەری و تەواوی بوارەکانی دیکە سنووردار بکرێن، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە مسوڵمانان دەکەین بە دڵێکی گەورە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی وەك پرسەو هاوشێوەکانی بکەن، گلەیی لە خەڵك نەکەن.

لە هەمووشی گرنگتر ئێمە مسوڵمانان هەمیشە پشتمان بە خوای گەورە بەهێزەو، بە ورەیەکی بەرزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانە دەکەین، چەکی ئێمە شان بە شانی ڕێکارە تەندروستییەکان، دوعاو پاڕانەوەو بەخۆداچوونەوەیە بەرامبەر خوداو خەڵك، بە ئومیدی ئەوەی خوای گەورە وڵاتی ئێمەو تەواوی مرۆڤایەتی لەو نەخۆشییە بپارێزێت و شیفای نەخۆشەکانیش بدات.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

٢٠٢٠/٢/٢٦

ناونیشان : هەرێمی کوردستان - هەولێر (٦٠مەتری) بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان

www.zanayan.org

email :mektebzanayan@gmail.com

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

{وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ}

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە نەخۆشی کۆرۆنا لە چەند وڵاتێکی دراوسێ‌و هەوڵەکان بۆ ڕێگرتن لەم نەخۆشییە، بەپێویستی دەزانین چەند بەرچاو ڕوونییەکی شەرعی بدەینە بەر دیدی هاوڵاتیانمان بەمەستی خۆپاراستنی زیاتر لە هاتنی ئەم نەخۆشییە.

سەرەتا پێویستە هاوڵاتیانی کوردستان بە پشت بەستن بە خوداو ورەیەکی بەرزو بەهێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە بکەن، چونکە لەلایەکەوە بە بەراورد لەگەڵ نەخۆشییەکانی دیکە، هێندە ترسناك نییە، هەروەها سوپاس بۆ خودا تا ئێستا هیچ حاڵەتێك لە کوردستان تۆمارنەکراوە، بۆیە پێویست بە ترس و دڵەڕاوکێ ناکات، بەپێچەوانەوە ئەوانەی ترس‌و تۆقان لەسەر ئەم بابەتە بڵاودەکەنەوە بۆ قازانجێکی بازرگانی ماددی یان هەر شتێکی دیکە دەکەونە ژێر بەرپرسیارێتی بەرامبەر خوداو مرۆڤایەتی، بۆیە پێویستە ڕاگەیاندنەکان بە تیڤی‌و ڕادیۆو نووسین‌و هەموو ئەوانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شت بڵاودەکەنەوە، دوورکەونەوە لە شڵەژاندنی کۆمەڵگا.

لە هەمان کاتدا وەك هەوڵێکی خۆپارێزی پێشوەختە، داوا لە هاوڵاتیانمان دەکەین بە چاکی پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بن، چونکە باشترین ڕێگەچارە گرتنەبەری ڕێکارە تەندرووستییەکانە. لە هەمان کاتدا پێویستە تا ئەو ماوەیەی ئەو بابەتە کۆتایی دێت، هەموو گردبوونەوەی پرسەو بووك گواستنەوەو تەواوی کۆبوونەوەکانی بۆنە کۆمەڵایەتی‌و هونەری‌و تەواوی بوارەکانی دیکە سنووردار بکرێن، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە مسوڵمانان دەکەین بەدڵێکی گەورە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی وەك پرسەو هاوشێوەکانی بکەن، گلەیی لە خەڵك نەکەن. لە هەمووشی گرنگتر ئێمە مسوڵمانان هەمیشە پشتمان بە خوای گەورە بەهێزەو، بە ورەیەکی بەرزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانە دەکەین، چەکی ئێمە شان بە شانی ڕێکارە تەندروستییەکان، دوعاو پاڕانەوەو بەخۆداچوونەوەیە بەرامبەر خوداو خەڵك، بە ئومیدی ئەوەی خوای گەورە وڵاتی ئێمەو تەواوی مرۆڤایەتی لەو نەخۆشییە بپارێزێت‌و شیفای نەخۆشەکانیش بدات.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

٢٠٢٠/٢/٢٦





## ** ئەنجومەنی باڵای فەتوا ڕێکارە شەرعیەکانی تایبەت بە خۆپارێزی لە نەخۆشی کۆرۆنا بڵاوکردەوە

ڕۆژی ٣ی٣ی٢٠٢٠ بەسەرپەرشتی بەرێز د. عبدالله مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆك و دکتۆر حسن موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بەرێوەچوو، دوای گەنگەشەکردنی پرس و بابەتەکان و دیارکردنی ڕێکاری شەرعی بۆ خۆپارێزی لە نەخۆشی کۆرۆنا ئەم دەرەنجامە بۆ ڕای گشتی ڕاگەیێندرا:




بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

وەك هەنگاوێك بۆ خۆپاراستن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا (covid 19)، ئەنجوومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠٢٠/٣/٣ بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی کۆبوویەوە، لە کۆبوونەوەکەدا دوای تاوتوێکردنی هەموو ڕەهەندەکانی نەخۆشییەکەو، لێکۆڵینەوەی وردی دەقە شەرعییەکانو مەبەستەکانی شەریعەت، ئەنجومەنی باڵای فەتوا بڕیاری لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دا:

یەکەم: ئەرکێکی شەرعی یە کە هاوڵاتیان بە وردی پابەندی تەواوی ڕێنماییە تەندروستیو ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن تایبەت بە خۆپارێزی لە پەتای کۆرونا.

دووەم: بە پێی شەرع ناتوانرێت لە ئێستادا وتاری هەینی مزگەوتەکان ڕابگیرێت، تەنیا لەو شوێنانە نەبێت کە بە دڵنیاییەوە نەخۆشییەکەی لێ بڵاوبۆتەوەو دەبێتە ( پەتا- وباو) دەکرێت بەشێوەی کاتی تا کۆتاییهاتنی ڤایرۆسەکە بەهەماهەنگی لەگەڵا ئەوقاف و تەندروستی و لیژنەی فەتوای سنورەکە نوێژی بە جەماعەت وتاری هەینی ڕابگرن.

سێیەم: کۆبوونەوە ئاینی وکۆمەلایەتیەکانی دیکەی وەك: (ئیسراو میعراج، مەولودخوێندنەوە، ئاهەنگەکانی بووك گواستنەوە، مەراسیمی پرسەدانان) بە پێویستیەکی شەرعی دەزانین لەم بارودۆخەدا لە هەموو شوێنێك رابگیرێن، لە پرسەدا تەنیا بەشداری شووشتنو نوێژکردنو ناشتنی تەرمەکان بکرێت، وەلە سەر گۆرستان کۆتایی بە پرسەکە بهێنرێت.

چوارەم: ئەوانەی کە بە فایرۆسی (کۆرونا) گیان لەدەست دەدەن پلەی( شەهید) یان هەیە،وە لایەنی پەیوەندار بەرپرسە لە ڕێکارەکانی بەخاکسپاردنی بە پێی ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلام.

پێنجەم: ئەو کەسانەی نەخۆشن یان مەترسی توشبوونیان هەیە دەتوانن ئەو ماوەیە تا نەخۆشییەکە دەڕوات بەشداری نوێژی هەینی و جەماعەت نەکەن.

شەشەم: پێویستە سەرجەم چالاکییەکانی تایبەت بە وانەگوتنەوەی ئایینی شەوانەو رۆژانە لە مزگەوتەکانو تەواوی ناوەندەکانی فێرکردنی قورئانو بابەتەکانی ئایینەکانی دیکە لەم قۆناغە هاوشێوەی قوتابخانەکان رابگیرێت.

حەوتەم: سەردانی نەخۆش نەکرێت چ لە ماڵەوە یان لە نەخۆشخانە، بە (تەلەفۆن) وەیا بە (نامە) ئەم سوننەتە ئەنجام بدرێت.

هەشتەم: هەموو ئەوانەی لەو وڵاتانە گەڕاونەتەوە کە ڤایرۆسەکەی تێدایە بە تایبەت لە ئێرانەوە، واجبێکی شەرعیە کە بە زووترین کات سەردانی لایەنی پەیوەندیدار بکەن بۆ پشکنینو دڵنیابوونەوە لە نەخۆشییەکەو پاراستنی خۆیانو خێزان و هاولاتیان، بە پێچەوانە گوناهبار دەبێت.

نۆیەم: هەر کەسێك گومانی ئەم ڤایرۆسە لە خۆی بکات، حەرامە تێکەڵیو سەردانی خەڵك بکات تەنانەت بۆ (جومعە و جەماعەت) تیش بێت، بەڵکو پێویستە بە زووترین کات سەردانی لایەنی پەیوەندیدار بکات.

دەیەم: داوا لە وتاربێژە بەڕێزەکان دەکەین لەو ماوەیەدا وتاری هەینی کورت بکەنەوە، هەروەها پاکوخاوێنی مزگەوتەکان زیاتر ڕابگیرێتو، ئامۆژگاری هاوڵاتیان بکەن دەستنوێژەکانیان لە ماڵەوە ئەنجام بدەن.

لە کۆتاییدا: وێرای نزاو پارانەوەمان کە خوای گەورە هەموو لایەکمان پارێزاراو بکات، دوویاتی دەکەینەوە کە مەبەست لەو ڕێکارە شەرعیانە خۆپاراستنەو ڕێکاری کاتین، بە پێویستی دەزانین ورەمان بەهێز بێت و پشت بە خوای گەورە ببەستینو تۆبە و ئیستغفاری زیاتر بکەینو هاوکاری یەکتر بین، هەمیشە لە دوعاو پاڕانەوە و خێرو سەدەقەکردن بەردەوام بین.

**یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

**ئەنجومەنی باڵای فەتوا**

**٣ ی ئاداری/٢٠٢٠ زاینی – ٨ی رەجەبی ١٤٤١ کۆچی**

**١٣ ی رەشەمی ٢٧١٩ کوردی**



# لەرووی راگەیاندن و رۆشنبیری و چاپەمەنیو میدیایی

## ** سۆشیال میدیاو هەوڵەکانی یەکێتی زانایان لەگەیاندنی پەیامو خزمەتکردنی هاوڵاتیان

یەکێتی زانایان لەرێی هەڵمەتی هۆشیاریو بڵاوکردنەوەی پەیامی پەیوەستو فەتواو بابەتی دیمانەو سۆشیال میدیا چەندین بابەتی گرنگی بڵاو کردەوە، کە هەر یەکەو بۆ کاتو دۆخی خۆی بایەخێکی گرنگو گەورەی هەبوو، لەهەمان کات بۆ هێورکردنەوەی دەروونی موسڵمانانو بەخشینی ئومێدو کەمکردنەوەی دووڵیو ترس لەهەمبەر ئەو پەتا نەخوازراوەو بۆ واقعی گوزەرانو دۆخی ئابووری هاوڵاتیانو گیانی هەماهەنگیو رۆحیەتی برایەتیەوە رۆڵێکی گەورەیان گێڕاو جێگەی خۆیان گرتو بوون بە هەوێنی پاڵپشتی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆناو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەمەڕ پابەندیو مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ پرسی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩.



















كۆرۆنا
اللّهمّ إنّي أعوذُ بِكَ منَ البرصِ والجنونِ والجذامِ ومن سيّئِ الأسقامِ
خوایە كوردستان بپارێزە
— خۆپـارێزی واجبێكی شـەرعیو پێویستیەكی تەنـدروستیو ئـەركێكی مـرۆییو نـیشتمانیە.
— ئەوەی پابـەند نابێت زیان بەخۆیو دەوروبەر دەگـەیەنێتو پێچەوانەی فەرموودەی (لا ضرر ولا ضرار) هەڵسوكەوت دەكاو گوناهبار دەبێت.
بۆیە:
▪ پابەندی رێنماییەكان بـە.
▪ ورەت بەرزو متمانە بەهێز بێت.
▪ پشت بەخوا ببەستەو نزای خێر بكە.
▪ سەركـەوتن لـە خـواوەیە و نزیكە.
یـەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان
2020/6/14


سەرۆكی یەكێتی زانایان:
زانایانی ئایینی پاڵپشتیو هاوكاریەكی گەورەیان كردووە بۆ پرسی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی (كۆرۆنا) چونكە سەلامەتی هاوڵاتیان لەتێڕوانینی ئەوان بۆ مەقاسیدی شەریعەت گرنگ و هەستیار بووە..
راگەیاندنی یەكێتی زانایان
2020/7/13
www.zanayan.org


یـەكێتی زانایانی
ئایینی ئیسلامی كوردستان
ئەنجومەنی باڵای فەتوا:
– كڕینو فرۆشتن بە ( پلازمای خوێن ) دروست نیەو پارەكەی حەرامە، ناكرێ مامەڵەی پێوە بكرێت.
– بەخشینی پلازمای خوێن بەوانەی دووچاری ڤـایرۆسی كۆرۆنا بوون خێرێكی گەورەو كارێكی مرۆییە..
2020/6/21


2020/8/19
ئە نجومەنی باڵای فەتوا:
** ئەركی پەرلەمانە یاسای تایبەت بە تەجریمكردنی هـەموو جـۆرە ئیستیغلال و لەخشتە بردنێك بە تایبەت لە كەرتی تەندروستیدا دەربكات.
** گران كردنی نرخی پشكنینو دەرمـانەكان لـەسەر نەخۆش كارێكـی ناشەرعیو قیزەونە، بەڵكو پێویستە نرخەكان كەم بكرێنەوە.
** ئەركی سەرشانی حكومەتە گرنگی تەواو بدات بە نەخۆشخانە گشتییەكان لـەرووی كەرەستەو پێداویستی پزیشكیو ستافەكان، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان مەجبور نەبن بەو لێشاوە پەنا بەرنە بەر نەخۆشخانە ئەهلیو دەرمانخانەو نۆرینگەكان.
یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان


2020/8/19
ئە نجومەنی باڵای فەتوا:
❋ هەر پشكنینێك یان دەرمان نووسینێك بە پێچەوانەی یاساكانی كاری پزیشكیو رێنماییە تەندروستییەكان بێت حەرامە.
❋ دەرمانێك لە كوالێتی كۆنترۆڵ دەرنەچوو بێت, یان ماوە بەسەرچوو بێت، ئەوە حەرامە بدرێت بە نەخۆش یان مامەڵەی پێوە بكرێت, یان دەربازی سنورەكان بكرێت.
❋ هەر جۆرە رێكەوتنێك لە نێوان پزیشكو دەرمانخانەو تاقیگەكاندا لە سەر حیسابی نەخۆشەكان ئەنجام بدرێت كارێكی حەرامە.
❋ هەر كەسێك پسپۆڕ نەبێت لەو بواری پزیشكیو دەرمانسازیدا حەرامە خۆی بكات بە پزیشكو دەرمانساز، بەو پێیە لە هەر كاردانەوەیەكی خراپ تاوانبار دەبێت.
یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان


ئەنجومەنی باڵای فەتوا:
* پێویستە موسڵمانان ئیستیغلالی ئەو گۆڕانكاریانە نەكەنو گیانی تەبایی و برایەتی بپارێزن.
* قۆرخكاری و گرانكردنی كاڵاكان لەسەرو نرخی سروشتی خۆیان دروست نیە..
* داوا دەكەین ئەو خاوەن قەرزانەی بە دۆلار قەرزیان لای خەڵكە گیانی هاوكاری بەرامبەر قەرزدارەكانیان بەكار بێنن.
* داوا لە حكومەتی هەرێم دەكەین بە وردی چاودێری نرخەكان بكەنو لە پێناو بەرژەوەندی هاوڵاتیان هاوسەنگی بازاڕەكان رابگرن.
www.zanayan.org
2020-12-22





" بە پێویستی دەزانم سوپاسی مامۆستایانی ئاینی هەرێمی کوردستان بکەم کە ڕۆڵێکی گرنگو بەرچاویان هەبوو لەهاوکاریکردنی جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناو ڕێنماییە تەندروستییەکان ".



"ڕۆڵی زانایانی ئایینی لەپابەندیو ئارامگرتن لەهەمبەر داخستنی مزگەوتەکان، لەپێناو سەلامەتی هاوڵاتیانو ئامۆژگاریو وتارو بەرزکردنەوەی ورەو نزاو نووسینو هاندانی خەڵك بۆ پابەندی بە ڕێنماییەکانی تەندروستی لەماوەی ڕابردوو، جێگەی ئەویەری سوپاسو پێزانینە".



"سوپاسی مامۆستایانی ئایینی دەکەم کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەجێبەجێ کردنو خۆپارێزیو جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستیو ڕێکارەکانی قەدەغەی هاتووچۆو خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا".



"دەمەوێت لێرەوە سوپاسو ڕێزو ستایشی مامۆستایانی ئایینی بکەین، کە بەڕاستی ئەگەر پاڵپشتیو پابەندبوونی ئەوان نەبووایە بۆ گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانە، ئەوا ئێستا ئێمە خۆمان نەدەبینییەوە لەو ژمارەیەی کە هەیە، سوپاسی خۆڕاگری و ئارامیان دەکەین ".



"دەمەوێت زۆر سوپاسی مامۆستایانی ئایینی هەرێمی کوردستانو نوێژخوێنان بکەم، کە لە ماوەی ڕابردوو بەهۆی ئەو بارە نەخوازراوەی ڕووی لە دونیاو هەرێمی کوردستانیش کرد، زۆر بەباشیو بەڕێژەی ٩٩٪ پابەندی بڕیارەکانی حکومەت بوون".



" وێڕای ئەوەی سوپاسی سەرجەم مامۆستایانی ئاینی سنووری پارێزگای هەولێر دەکەین کە پابەند بوونیان جێی ڕێزە سەردانمان کردن سوپاسیان بکەین بۆ هەماهەنگیو هاوکاریو پابەند بوونیان بەبریارو ڕێنماییەکان، ڕژدیی ئەوان لە پابەندبوون بە بریارو ڕێنماییەکان هۆکاری سەرەکی گەیشتنمان بوو بەو قۆناغە، بۆیە چەندەی سوپاسو ستیشیان بکەین هێشتا کەمە".



" سوپاسی تایبەتم بۆ مامۆستایانی ئاینی بەرێز بەجێ بەجێکردنی ڕێنماییەکان وایانکرد ئێمە باشتر کارەکانمان ئەنجام بدەین لە ڕووبەڕووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ڕۆڵی مامۆستایانی ئاینی بەرزدەنرخێنم ڕۆڵیان هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ پزیشکان لە ئێستادا، هەردوولا خەمخۆری هاوڵاتیانن بێ جیاوازی".

## - بەیاننامەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت )

((بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ))

(لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ) سورة آل عمران:١٦٤




لەگەڵ هاتنەوەی مانگی مەولوودا، لەناخی دڵمانەوە پیرۆزبایی گەرممان ئاراستەی سەرجەم موسڵمانان بەگشتیو کوردستانیان بە تایبەتی دەکەین، هەزاران درودو سڵاویش بۆ گیانی پاکی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) دەنێرین، کە بووە مایەی رەحمەت بۆ هەموو دونیاو مرۆڤایەتی بەگشتی.

ئەم یادە بۆ جیهانو بەتایبەت گەلی کورد پێگەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، ساڵانە لەگەڵ هاتنەوەی ئەم مانگە خەڵك بەجۆشو خرۆشەوە، بەخێرو ئاهەنگو خوێندنەوەی مەولودو سەڵەوات، پێشوازی یادی مەولودی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) دەکەن، کە ئەمە بەڵگەی وەفاداریو پابەندیو سۆزی پڕ لە خۆشەویستی خەڵکی کوردی موسڵمانە بەرامبەر بە پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت).

بەداخەوە ئەمساڵ بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە ناتواندرێ بەشێوەی مەراسیمو وەك ساڵانی رابردوو ئەم یادە بکرێتەوە، بەڵام دڵنیاین ئەم یادکردنە گەورەییو خۆشەویستی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەناو دڵی موسڵمانان بەرزترو گەورەتر دەکات.

هەر لێرەشەوە بەپێویستی دەزانین رابگەیێنین، کە هەموو جۆرە سوکایەتیو کردارێکی بێ رێزی بەرامبەر سەرجەم پێغەمبەران(درودی خوایان لەسەر بێت) بەگشتیو پێغەمبەری خۆشەویستمان بە تایبەتی رەتدەکەینەوەو بەتوندی ئیدانەی دەکەین، پێمان وایە ئەو جۆرە هەنگاوانە پێچەوانەی بەها ئایینیو ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو یاسا نێودەوڵەتیەکانەو لەخزمەتی پرۆسەی ئاشتی جیهانیو سەقامگیری گەلانو پێکەوەژیان نیەو کاردانەوەی خراپو توندڕەوی جۆراوجۆر بەدوای خۆیدا دێنێت.

هاوکات هیواداریین لەگەڵ ئەو یادە پیرۆزەدا لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوەو وەك ئەرکێکی ئیسلامی و ئینسانی بایەخی زیاترو هەنگاوی باشتر بەرەو نزیکبوونەوە لە جێبەجێ کردنی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بدەینو ئاکارو رەوشتە بەرزەکانی لەهەڵسوکەوتی خۆمان بەرجەستە بکەین، گرنگە زانستیانەو زیاتر پەیامەکانی ئەو زاتە بۆ خەڵك شیبکەینەوەو لێبوردەییو مەرحەمەتو بەخشندەیی ئیسلامو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) پیشان بدەین.

جارێکی تر ئەو یادە بەرز رادەگرینو پیرۆزبایی لەسەرجەم موسڵمانان بەگشتیو زانایانی ئایینی بەتایبەتی دەکەینو، ئومیدەوارین خوای گەورە ئەم یادە بکاتە مایەی خێرو نەمانی نەخۆشیو ناخۆشی لەسەر موسلمانان و مرۆڤایەتی بە تایبەت کوردستانی خۆشەویستمان.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

١١ی رەبیعی یەکەمی ١٤٤٢ کۆچی

٢٨/تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ زاینی


مانگی مەولود
1442
بەخێر بێت مانگی مەولوود
وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين
با لە یادی مەولووددا ڕەوشتەکانی
پێغەمبەری ئازیز (درودی خوای لەسەر بێت)
زیاتر لەناومان زیندوو بکەینەوە
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان


بسم الله الرحمن الرحيم
إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ
صلى الله عليه وآله وسلم
ئێمە تۆ دەپارێزین
لە پیلانی گاڵتەچی و گاڵتەجاڕان
2020-10-25
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان


مانگی مەولود
1442
پابەندی و خۆشەویستی
بۆ پێغەمبەر ﷺ
باشترین وەفاداری و هەنگاوی خێرە
لەمانگی مەولووددا
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان


وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ
مانگی مەولود
1442
بەرزو پیرۆز بێت مانگی ڕەبیعولئەوەل
مانگی مەولوودو پەیرەوی ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ بریتیە لە:
هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئیمانی و ئەخلاقی و مرۆیی و، هێنانەدی دادپەوەری و، ڕێزگرتن لە خواستە ئینسانیەکان و، پێکەوەژیانی ئاشتیانە و، پەیرەوکردنی هزری میانڕەوی و، نەهێشتنی توندڕەوی و، پارێزگاری و خۆشەویستی خاك و نیشتمان..
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان


مانگی مەولود
1442
گەلی کورد
هەمیشە بە شانازیەوە یادی فەخری کائینات
پێغەمبەری ئیسلام دەکاتەوە
وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان


بەرزو پیرۆز بێت یادی مەولوود
وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ
ئەی پێغەمبەر ﷺ
ئێمە ناو و ناوبانگی تۆمان بەرزو بڵند کردووە
محمد رسول الله
2020-10-27
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان


لەیادی مەولودی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)
